بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

**هەرێمی کوردستانی عێراق**
**سەرۆکایەتی هەرێم**
**سەرۆک**

**بەناوی گەلەوە**

**بڕیار**

**ژمارە ( ٢٤ ) ساڵی ٢٠٠٩**

**یاسای هەموارکردنی هەشتەمی یاسای ئەنجومەنی وەزیران**

به پێی ئەو دەسەڵاتەی لە بڕگەی (١) ی ماددەی (١٠) ی (یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق)ی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموارکراو پێمان دراوەو، پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی پەرلەمانی کوردستان – عێراق کردویەتی لە دانیشتنی ژمارە ( ٨ ) لە ٢٦ / ١٠ / ٢٠٠٩ بڕیارماندا بە دەرکردنی:

## یاسای ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٠٩
## هەموارکردنی هەشتەمی یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی
## هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٤ی هەموارکراو.

**ماددەی یەکەم:**

ماددەی نۆیەم لە یاسای ئەنجومەنی وەزیران هەموارکراو هەڵدەوەشێنرێتەوە ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:

ئەنجومەنی وەزیران ئەم وەزارەتانەی خوارەوە لەخۆ دەگرێتەوە:

١- وەزارەتی داد.
٢- وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە.
٣- وەزارەتی ناوخۆ.
٤- وەزارەتی دارایی وئابووری.
٥- وەزارەتی سامانە سروشتیەکان.
٦- وەزارەتی تەندروستی.
٧- وەزارەتی پەروەردە.
٨- وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێ بوون.
٩- وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار.
١٠- وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی.
١١- وەزارەتی پلاندانان.
١٢- وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی.
١٣- وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان.
١٤- وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان.
١٥- وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو.
١٦- وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی.
١٧- وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن.
١٨- وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی.
١٩- وەزارەتی کارەبا.

**ماددەی دووەم:**

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێت.

**ماددەی سێیەم:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکات.

**ماددەی چوارەم:**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی دەرچواندنیەوە جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاو دەکرێتەوە.

**مسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

**هەولێر**

**٥ / گەلاڕێزان/ ٢٧٠٩ ی کوردی**
**٨/ ذي القعدة/ ١٤٣٠ ی کۆچی**
**٢٧ / تشرینی یەکەمی/ ٢٠٠٩ ی زایینی**

**هۆیەکانی دەرکردنی ئەم یاسایە**

بەمەبەستی ڕێکخستن و کەمکردنەوەی ژمارەی وەزارەتەکان و لێکدانی هەندێ وەزارەت و ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە کابینەی نوێی حکومەتدا دەکرێت، بۆ زیاتر خزمەتکردنی کۆمەڵایەتی خەڵکی کوردستان ئەم یاسایە دەرچووێنرا.